# کاتێ بەرژەوەندییەکان دابەش دەبن کێ دەدۆڕێنێ؟

نەزەند بەگیخانی

ئەو هەواڵ و باسانەی کە لە ماڵپەڕ و رۆژنامەکانی پارتی و یەکیێتی دا بڵاودەبنەوە تەواو پێچەوانەی ناوەڕۆکی ئەو هەواڵ و باسانەن کە لە رۆژنامە و ماڵپەڕە سەربەخۆکان دادەبەزن. ئاخاوتنی رۆژنامەنووس و رۆشنبیر و نووسەرانی سەربەخۆ خواست و ئاواتی میللەتی کورد بەرجەستە دەکات، کەچی نووسراو و راگەیاندنەکانی بڵاوکراوە حیزبییەکان نوێنەرایەتی بەرژەوەندی تەسکی دوو زلحیزبە کوردیەکە دەکەن. ئەمەش دوو واتا دەگەیەنێ: یەکەمیان دەربڕی ئەو مەسافە گەورەیەیە کە لە نێوان بیر و پڕۆژەی سیاسیی حیزبە کوردییەکان و ئاوات و ئارەزووی میللەتدا هەیە. دووەمیشیان بە ئاشکرایی تاکڕەوی و عەقلیەتی نادیموکراسیانەی سەرکردە سیاسیە کوردیەکان دەردەبڕێ. بۆ شاردنەوەی بۆشایی نێوان خۆیان و میللەت، هەروەها لە پێناوی شەرعیەتدان بە پلان و نەخشە تاکڕەوییەکانیان، سەکردە حیزبیەکان بڕیاری نەکشانەوەی خۆیان لە دەسەڵاتی ناوەندی عێراقدا خستنە ئەستۆی پەرلەمانەوە؛ پەرلەمانێك کە ئەوان خۆیان بەڕێوەی دەبەن و نوێنەرایەتی راستەقینەی خەڵکی کوردستان ناکات، واتە پەرلەمانێك کە شەرعیەتی نیە.

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET

نامەکەی بارزانی و تاڵەبانی بۆ بوش و رەفتاری سیاسیی کوردیی دوای نامەکە یەك شتی بە خەڵکی کورد و بە جیهان سەلماند: فەشەلی دیپلۆماسیەتی یەکیێتی و پارتی

لەم هەلومەرجە ناسکەدا، کورد زۆر کارتی لەدەستدایە بۆ سەپاندنی داخوازییەکانی و دابینکردنی ستاتویەکی مرۆڤانە بۆ نەتەوەی کورد و وورووژاندنی رای گشتی جیهانی لە بەرژەوەندی کورددا. نامە لاوازەکەی بارزانی و تاڵەبانی بۆ بوش کە دەبوایە پێش کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایش و دەرچوونی بڕیاری 1546 ئاراستەی نوێنەرانی ئەنجومەن بکرابایە نەك بوش، خاڵێکی بچوکی تێدابوو کە سەدای زۆری دایەوە لە مێدیای جیهانی: ئەو خاڵەش هەڕەشەی کشانەوە بوو لە دەسەڵاتی ناوەندی. ئەم هەڕەشەیە ئەگەر ئیرادەی سیاسیی کوردی و سوربوون و پێداگرتنی سەرکردە کوردەکانی لەگەڵ بوایە، ئاکامێکی گەورە و یەکسان بە خواست و

ئامانجی نەتەوەیی دەبوو. بەڵام نامەکە و رەفتاری سیاسیی کوردی دوای نامەکە یەك شتی بە خەڵکی کورد و بە جیهان سەلماند: فەشەلی دیپلۆماسیەتی یەکیێتی و پارتی.

شتێکی روون و ئاشکرایە کە هاوپەیمانان لە کار و پەیوەندییەکانیاندا حسابی بازاڕ و سەرمایەی ئابووری خۆیان و پلانی سیاسیی ناوخۆیی و هاوسەنگی هێز دەکەن و ئەمانەش لە ئاساییکردنەوەی بارودۆخ و یەکگرتوویی خاکی عێراقدا بەدی دەکەن. ئەوان دوای دەرچوونی بڕیاری 1546 کە بە تاکە ووشەیەکیش ناوی کورد نابات، کەوتنە دڵدانەوەی سەرکردە حیزبیە کوردەکان. بۆ ئەمەش هەندێ لە نوێنەرانی حکومەتی ئەمریکا نمونەی ریتشارد باوچەر، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکی راگەیاندنێکی سادەی بڵاوکردەوە بۆ دڵنیاییکردنەوەی کورد و "رۆلی کاریگەریان لە عێراقی تازەدا"، لە هەمان کات و لەم چەند رۆژەی رابردوودا، کۆمەڵێ پلان و چاوپێکەوتن و گفتوگۆی سادە و بێنرخیان لەگەل سەرکردە حیزبیە کوردەکان ئەنجامدا کە جگە لە رۆژنامە ناوخۆکان لایەنێکی دیکە بە گرنگی وەرنەگرت و تەنها بڵاوکراوەکانی پارتی و یەکیێتی لاپەڕەی یەکەمیان پێڕازاندەوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هاوپەیمانان ئەو پلان و چاوپێکەوتنانەیان بە جیا لەگەڵ هەریەک لە نوێنەرانی پارتی و یەکیێتی سازدا نەك لەیەك کاتدا لەگەڵ هەردوولایان. ئەمەش خۆی لە خۆیدا نەبوونی ستراتیژیەتێکی هاوبەش و باوەڕپێکراوی هاوپەیمانان (بە تایبەتی ئەمریکا و بەریتانیا) لە بەرامبەر کورد وەکو یەکەیەکی یەکگرتوو دەگەیەنێت. هەروەها ئەمە گاڵتەپێکردنێکە بە سەرکردە حیزبیە کوردەکان کە ناتوانن لە عێراق جیا ببنەوە لە کاتێکدا لە نێوان خۆیاندا دابەشبوو و لاوازن و خاوەنی ستراتیژییەتێکی کوردی یەکگرتوو نین. لە سەرووی هەموویەوە، ئەو پلان و گفتوگۆ نهێنییانە ئەوە دەگەیەنن کە هاوپەیمانان لە پەیوەندی و بەلێنەکانیان لەگەڵ کورد جددی نین و ئەو مێتۆدە تەنها بۆ رازکردنیان بە شێوەیەکی کاتی بەکاردەهێنن. هیچ کام لە نوێنەرانی دەولەتە هاوپەیمانەکان ئامادە نین و نەبوون لەبەردەم ئەنجومەنی ئاسایش بە ووشەیەکیش کورد و دوارۆژی کورد بخەنە ناو رۆژەڤی سیاسیەوە.

لەم سەردەمە ئاڵۆز و ئەو هەلومەرجەی کە هاتۆتە ئاراوە تەنها بڕیارە نێودەوڵەتیەکان دەتوانن بە شەرعی دوارۆژی کورد و مافەکانی لە عێراقێکی عەرەبی شۆڤێنیدا دابین بکەن

لەم سەردەمە ئاڵۆز و ئەو هەلومەرجەی کە هاتۆتە ئاراوە تەنها بڕیارە نێودەوڵەتیەکان دەتوانن بە شەرعی دوارۆژی کورد و مافەکانی لە عێراقێکی عەرەبی شۆڤێنیدا دابین بکەن. کاتێ هیچ دەوڵەتێکی ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایش و هیچ کام لە هاوپەیمانان ئامادە نەبن لە بەڵگەنامەیەکی نێودەوڵەتی ناوی کورد بێنن و بە بچوکترین ئاماژە مافەکانی لەبەرچاوبگرن، پلان و گفتوگۆ نهێنی و سادەکان تەنها هەوڵی تاکتیکین بۆ هێورکردنەوەی کورد و هەڵخەڵەتاندنیان لە پێناوی یەکگرتوویی عێراقدا. هیچ گارانتیەکی تۆمارکراویش نیە کە پەیڕەوکردنی یاسای کاتیی بەڕێوەبردنی عێراقی کە ئیمزاکردنەکەی نارەزایی و دژایەتیکردنێکی زۆری شیعەکانی وروژاند، لە داڕشتنەوەی دەستوری هەمیشەییدا دابین بکات. لەوەش خراپتر، لەم هەوڵەیاندا ئەمریکا و بەریتانیا کورد وەکو نەتەوەیەک سەیر ناکەن، بەڵکو بە ئاشکرایی لە رازیکردنی حیزبیی سەرکردە کوردەکان دەگەڕێن و خواست و بەرژەوەندییە ماددی و تەسکەکانیان تێر دەکەن. کاتێ پۆل برێمەر نامەی پڕ شکۆ و پیرۆزبایی بۆ تاڵەبانی دەنێرێت بە بۆنەی 29 هەمینساڵیادی دامەزراندنی یەکیێتیەوە، یان نوێنەری رامسفیلد دەچێتە سەردانی وەجیە بارزانی لە یەکێ لە خەستەخانەکانی ئەمریکا، کورد هیچ شتێك وەدەست ناهێنی جگە لە دۆڕاندنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی گشتیی نەبێ.

www.kurdistannet.org

گفتوگۆ تەلەفۆنیەکەی جاك سترۆ، وەزیری دەرەوەی بەریتانی بۆ مەسعود بارزانی ئەلقەیەکی دیکەی زنجیرەی پلانە بێبایەخ و تاکڕەوییەکانە. جاك سترۆ لە گفتوگۆیەکی تەلەفۆنیدا مەسعود بارزانی دڵنیا کردۆتەوە کە "یاسای کاتیی بەڕێوەبردنی عێراق لە داڕشتنی دەستوری هەمیشەییدا لەبەرچاو دەگیرێت". ئەوەی لە راگەیاندنەکانی پارتیدا پێی لەسەر داگیرا، ناوەڕۆکی گفتوگۆیەکی تۆمارنەکراوی نێوان هەردوو لا نەبوو، بەڵکو شاگەشکەبوون بوو بەوەی کە جاك سترۆ خۆی تەلەفۆنی بۆ" سەرۆك بارزانی" کردووە، ئەمەش ئەوپەڕی بێباوەڕی سەرکردە کوردەکان بە خۆیان و بە پەیامەکەیان دەگەیەنێ. ئەگەر سەرکردە کوردەکان ئەو یارییە سیاسییەیان بەپێی خواست و ئامانجی نەتەوەی کورد بکردایە، ئێستا نەک جاك سترۆ و باڵیۆزی هاوپەیمانان جۆنز، بەڵکو تەواوی سەرکردەکانی G8 یان دەخستە بەردەم هەڵوێستێکی سیاسیی نوێوە کە کوردی وەکو مرۆڤ دەهێنا ناو ستراتیژییەتی نێودەوڵەتییەوە، ئەگەر ئێستا کێشەی کورد لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەو تەلەفۆنە و گفتوگۆ بێبایەخانە بوروژێنێ، ئەوە

دوای سەقامگیربوونی دەسەڵاتی ناوەندیی عێراق و کشانەوەی هاوپەیمانان مەسەلەی کورد ئەو کەمە مەودا نێودەوڵەتییەش لە دەست دەدات.

کاتێ ئەنفال و هەڵەبجە دووپات دەبنەوە، دەبێ زارۆکی کورد چاوەکانی ببڕێتە هەلیکۆپتەرە شینەکانی "مرۆڤایەتی" تا نان و بەرگی بۆ فڕیدەنە خوارەوە

کاتێ هیچ بڕیار و بەڵگەنامەیەکی نێودەوڵەتی بە رەسمی دان بە ستاتوی کورد و مافەکانیدا نەنێت، ئەوە مەسەلەی کورد دەبێتەوە مەسەلەیەکی ناوخۆیی و جیهانیش داوا دەکات کێشەکانی کورد بە دانیشتن لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی عێراقدا چارەسەر بکرێن، ئەوە بیرەوەرییەکم دەخاتەوە یاد: لە ساڵی 1991 و دوای شەڕی کەنداو و هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر کوردستان و کۆچڕەوە دڵتەزێنەکەی کورد، داوەتکرام بۆ بەشداریکردن لە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنیی فەرەنسی لە کەنالی 2 دا، کە سکرتێری گشتی ئەوسای UN پێریز دیکویلار و بێرنارد کوشنێریش تێیدا بەشداربوون. لە تەواوی ئەو باسانەی تایبەت بوون بە کورد، قسەکان ئەوەیان دەسەلماند کە مەسەلەی کورد مرۆڤایەتیە و وا پێویست دەکات بە زووترین کات یارمەتی مرۆڤایەتی بۆ کورد بنێردرێت. من پێم لەسەر ئەوە داگرت کە مەسەلەی کورد مرۆڤایەتی نیە بەڵکو سیاسییە و پێویستی بە چارەسەرێکی قووڵی سیاسیی هەیە، هەروەها رووی قسەم کردە پێریز دیکویلار و داوای سازدانی ریفێراندۆمم کرد لە کوردستان لەژێر چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکاندا. وەڵامی پێریز دیکویلار ئەوە بوو کە رووی قسەکانم لە حکومەتی بەغدا بکەم و مەسەلەکە ناوخۆییە نەک نێودەوڵەتی.

بە هێشتنەوەی کوردستان وەکو بەشێك لە عێراق، لە داهاتوودا جیهان خۆی لە لێپرسراوییەتی دەکێشێتەوە و کێشەی کوردیش دەبێتەوە بەشێك لە کێشەی ناوخۆیی عێراق کە دەبێ لەگەل حکومەتی ناوەندیدا چارەسەر بکرێت، واتە لەگەڵ شۆڤێنیستە عەرەبەکان و ئایەتوڵلاکان. ئەوسا کاتێ ئەنفال و هەڵەبجە دووپات دەبنەوە، دەبێ زارۆکی کورد چاوەکانی ببڕێتە هەلیکۆپتەرە شینەکانی "مرۆڤایەتی" تا نان و بەرگی بۆ فڕیدەنە خوارەوە. ئەمەش هاوتا لەگەڵ فەشەلی سیاسی و دیپلۆماسیەتی کوردی داهاتوویەکی رەشی لێ بەدی دەکرێ.

فەڕەنسا، 14/ 06/ 04

KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org